هونەرمەند (حوسێن مایخان)ی پەیکەرتاش

ئەحمەد مستەفا زەهاوی
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی هونەرە جوانەکان)

شاری خانەقین هاوشێوەی شارەکانی دیکەی کوردستان چەندان هونەرمەندی لە بوارە جیا جیاکاندا تێدا هەڵکەوتووە، لەوانەیش لە بواری خۆشنووسیدا حاجی خەلیل زەهاوی و لە شێوەکاریدا ئیسماعیل خەیات وجەعفەر کاکەیی و لە بواری میوزیک و گۆرانیبێژیدا جەعفەر حەسەن و خەلیل وەندی و لە بواری هونەری شێوەکاری بەشی پەیکەرسازیشدا هونەرمەندی کورد حوسێن مایخان. هونەرمەند لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی (حەمیدییە) لە خانەقین لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تێدا تەواو کردووە، پاشان لە شاری بەغدا خوێندنی ئامادەیی و لە ساڵی ١٩٧٣ پەیمانگەی کارگێڕی لە بەغدا تەواو کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی شەیدای هونەر بوو، بە تایبەتی پەیکەرسازی، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٨ بە دەوامی شەوانە توانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواو بکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ خولێکی یونیسکۆی لەبارەی پاراستنی کارە هونەرییەکان و پیشانگە موزەییەکان تەواو کرد، هاوکات توانی پەرە بە خوێندنی خۆی بدات و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشی پەیکەرسازی کۆلێژی هونەرە جوانەکان تەواوبکات و لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی پسپۆڕی لە بواری لە قاڵبدانی پەیکەرە برۆنزییەکان لە دەزگەی هونەرە شێوەکارییەکانی بەغدا وەرگرت.

ساڵی ١٩٧٨ شارەوانی بەغدا کاری چاککردنەوە و پاراستنی پەیکەری (ئازادی)ی هونەرمەند (جەواد سەلیم)ی لەناو جەرگەی بەغدا پێ سپارد کە زۆر دڵی بەم کارە خۆش بوو، چونکە بە ئیشەکانی جەواد سەلیم سەرسام بووبوو، لەناخی دڵەوە حەزی دەکرد ئەو کارە بکات.

پەیکەرەکانی ئەم هونەرمەندە لە ڕووی گوزارشت کردنەوە هەمەجۆر بوون، لەوانەیش ئەبستراکت و ئیختزال

و مـۆدێرن، لەگـەڵ دیواربەندی بچـووک بە شـێـوازی گێڕانەوەی چیرۆک و ئەو ناوچەیەی لە بەغـدا لێی دەژیا کە زۆربەی دانیشتووانی کوردی فەیلی بوون و کاریگەری زۆری لەسـەر کـارەکـانی هەبوو، لەو گـەڕەکـانەیش کـە شـوێنی کـارکـردنی تێـدا هەبوو گـەڕەکی بابولشـێخ و سەدرییە و ئەبوو سێفێن و شۆریجە و عەگدی کوردان، کە ئەو خەڵکە کوردەی ئەو شوێنانە پێوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ هونەرمەند هەبوو.

هاوکات هونەرمەند کۆڵانە کۆن و تەسکەکان کە دەرگا و پەنجەرەی دارینیان هەبوو، بە شەناشیل ڕازێنرابوونەوە، کە نەخشونیگای ڕەنگاوڕەنگیان تێدا بوو لەگەڵ کۆڵانە قەرەباڵغەکان و دەنگی منداڵ و خاوەن پیشە و خاوەن عەرەبانەکان، هەموو ئەو دیمەنانەی لەکارەکانی خۆیدا دەرخستووە، ئەمەیش سۆز و شەیدابوونی هونەرمەند بۆ یادگارە کۆنەکانی ئەو گەڕەکانە بەرجەستە دەکات، ئەو گـەڕەکـانەیش کـوردی فـەیلیـیـان لێ بوو کـە زۆربەیان بازرگـان بوون و لە سـەردەمی بەعـسـدا بۆ ئێـران دوورخرانەوە.

هونەرمـەند لە کـاری پەیکەرسـازیدا کـەرەسـتـەی جۆراوجۆری بەکاردەهێنا تا گوزارشت لەو بیرۆکانە بکەن کە لە مێشک و دەروونیدا بیری لێ دەکردنەوە، وەک دار و قـوڕ و گـێـچی هونەری، هاوکـات تێکەڵەیەکی لە هەندێک کـەرەسـتـەی جیـاواز ئامـادە دەکـرد کە پلەی توانەوەیان کـەمـتـر و تێـچـوویان کـەمـتـر و بەرگـەی کـاریگەری کەشوهەوایان دەگرت و بۆ کـارکـردن ئاسان بوون و پەیکەرسازیان لە قۆناغە جیاوازەکانی داڕشتن بە کـانزای برۆنز ڕزگار دەکـرد کـە زۆر کـەمـە و پێـویست بە تەنووری تواندنەوەی برۆنز دەکـات تا پەیکەرەکـەی تێـدا لە قـاڵب بدرێت، هونەرمـەند ئەوەی زۆر بەکـاردەهێنا بەتایبـەتی لە ڕیلیـڤـەکـاندا، بۆیە زۆری لە کـەرەسـتـە ومادەکان دەکۆڵییەوە پێش ئەوەی بگاتە ئەوەی ئامانجی بیرۆکەکەی دەربخات.

پەیکەرساز لە هەندێک لەکارە هونەرییەکانیدا (شێوە ١ و شێوە ٢)، هەروەها لە زۆربەی کارەکانیدا بایەخی بە ئافرەت داوە و هەوڵی زۆری داوە کێشـەکانی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگا و ڕۆڵی ئافرەت لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و پێـشـخـسـتنی مـرۆڤـایەتی بەدرێژایی تەمـەن و ڕەنگدانەوەی کولتوور و دابونەریت بەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئافرەت لە ژیاندا دەربخات.

لە کـاری یەکـەمـدا (شـێـوە ١) پەیکەری ئافـرەتێکە بەلای ڕاسـتـدا ئاوڕی داوەتەوە و بەدەسـتـێـک ڕۆژی

شێوەی (١)

هەڵگرتووە و پارچە کـووتاڵێکی درێژ بەدرێژایی قـەدی ئافرەتەکە لەدەستییەوە بەناو ڕۆژەکەدا چووە و لە هەمان کاتدا دێتەوە خوارەوە و لە قەدی دەئاڵێت و لەگەڵ قژی دەبێتە یەک، پاشان لەگەڵ پێیەکانی دەبەستێت چوون دیمەنی شەپۆلی دەریان، یان چوون سـیـمـبـۆلی پیت و بەرەکەت دەردەکەوێت کە هێماکەی لەگەڵ ئافرەتەکە ئەو واتایە بە بینەر دەبەخشێت. ئەم کـارە ئازادی ئـافـرەت دەخاتە ڕوو، چونکە دیمەنی ئافرەتەکە کە بە سەربەرزییەوە ڕاوستاوە هیچ بەندێک لەناخیدا ڕێی لێ ناگرێت و ڕێ لە ئازادی ژیانی ناگرێت، بێ گومان گوشاری دەروونی کە لە ناخی مـێـینەدا پەیدا دەبێت و دەبێـتـە هۆی دارمـانی شکۆی ئافرەت.

لەم کـارەدا پەیکەرسـاز هەوڵ دەدات پێوەندی بەتین لە نێـوان بیـرۆکـەی کـارەکـە و شـێـوەکـەدا دەربخـات لەگەڵ فـەرامـۆشکردنی وردەکـاریـیـەکـانی دەمـوچاو و تەنیـا گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە بۆ بینەر، هەرچەندە بەشی زۆری کارەکەی بە زبری و لێوار گرنج دەرکردووە، بەڵام هێمای لەشی ئافـرەتی ڕوون کـردووەتەوە بەناوقـەدی باریک و توێکاری جەستە و پرچ و جووڵەی لەش بەگشتی.

پەیکەرسـاز لەم کـارەدا خـۆی لە شـێـوازی ئاسـایی و کـلاسـیکی لە پەیکەرسـازیدا دوور دەخـاتەوە، بەڵکو بە شـێـوازێکی مۆدێرن و سـادە و سـاکار دەکـۆشـێت ئازادی ئافـرەت دەربخـات، بە شـێـوەیەک ئەو ئازادییـە زیان بە ئافـرەت نەگـەیەنێت، بەڵکو مـافـەکـانی بپـارێزێت، وەک

دایک و خوشک و خێزان لەناو کۆمەڵگەدا نیشانی بدات.

لە (شێوەی ٢) کە دیمەنێکی ئافرەتە بەرەو لای ڕاست ئاوڕی داوەتەوە، هونەرمەند بە پێچەوانەی کاری یەکەمەوە هەوڵ دەدات ئەو کۆت و بەندانە ڕوون بکاتەوە کە چوار پەلی ئافرەتیان شەتەک داوە، وەک لەپەیکەرەکەدا ڕوون و ئاشکرایە کە ئافرەتەکە بە چەندان پەتی زبر و گرنج گرنج دەورە دراوەو بوونەتە تەوق و قەدی پەیکەرەکەیان داپۆشیوە و ڕەنگیشیان هەمان ڕەنگە. پێوەندی نێوان بەشە زبرەکانی کارەکە وەک ئەو پەتەی کە دەوری لەشی داوە و بەشە لووسەکانی دیکەی کارەکە بووەتە هۆی شیتەڵکردنی ڕووناکی، ئەمەیش وای کردووە دژایەتی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی ڕووناکی و تاریکیدا پەیدا ببێت کە لە بەرژەوەندی کارەکەدایە و گیروگرفتەکانی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا دەردەخات.

هونەرمەند لەکاری (شێوە ٢)دا هەوڵی بەستنەوەی بۆشایی ناوەوەی کارەکەی داوە، ئەویش بە جووڵەی هەردوو دەستی ئافرەتەکە و پێیەکانی وەک دەستپێک بۆ هەڵاتن، یان بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگی کارەکە یارمەتی ئەوەی داوە بەشەکانی کارەکە پێکەوە ببەستێتەوە و پێکهاتەیەکی یەکگرتووی لێ دروست بکات.

ئەم تەکنیکە شێوازێکی مۆدێرینە لە هونەری پەیکەرسازیدا کە پاڵ بە بینەرەوە دەنێت بە بینینی شێوەکە پەردە لەسەر نهێنییەکانی کارەکە لابدات، لەگەڵ

شێوەی (٢)

شێوەی (٣)

ئەوەیش کات تێڕوانینی جیاوازی لێ دەردەکەوێت. دەرکەوتنی کارەکە لەگەڵ ئەو هەموو کۆت و بەندانەی چوار پەلی ئافرەتەکەیان بەستووەتەوە و ئەو سادەییەی لە تەکنیکدا بەکارهاتووە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پەیکەرساز لەوە ناترسێت کەرەستەی زبر و گرنج بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بەکاربهێنێت. لەلایەکی دیکەوە هەوڵی ئەوە دەدات ئافرەت بە شێوەی نەرمونیان دەربخات بۆ ڕزگاربوون و ڕاپەڕین بەرەو ئازادی، ئەو ئازادییەی کە شکۆی دەپارێزیت و وەری پێ بەرنادات. کاری مۆدێرن دەرگایەکی فراوان بۆ پەیکەرساز دەکاتەوە تا زۆرتر گوزارشت لە تراژیدیای مرۆڤایەتی بکات، پتر لەوەی کەرەستە کۆن و ئاساییەکان دەیکەن.

هونەرمەند هەرچەندە زۆربەی ژیانی لە بەغدا بەسەربردووە، بەڵام خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە ئاستێکی بەرزدا بوو، هیوای دەخواست بایەخی زۆر بە هەموو هونەرمەندان بدرێت، چونکە بڕوای وابوو کە هونەرمەند بەدرێژایی تەمەن دەتوانێت گوزارشت لە دابونەریتەکانی میللەت و کولتوور و داخوازییەکانی گەل بکات.

پەیکەرساز وەک هونەرمەندێکی کورد هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆی بە چەند کارێکی جۆراوجۆر دەردەبڕی، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە لەیلا قاسم شەهید کرا، زۆر لە کوردە فەیلییەکانی بەغدا لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعسەوە بێ سەروشوێن کران، ئەوانی دیکەیشیان بۆ ئێران دوورخرانەوە و چۆن لە پێش چاوی،

مـاڵ و حـاڵـیـان بەجێ دەهێـشت و زۆربەیان مـوڵک و خـانوو و دوکـانیـان هەبوو، ئەم هەسـتـە لە ناخـیـدا دەخـرۆشـا، بۆیە لە زۆر لە کـارەکـانیـدا بە شێـوازێکی ئاشـتیـیانە کارەسات و مەینەتییەکانی گەلی کوردی دەردەخست کە کـورد گەلێکە مافی مرۆیی خۆی هەیە و دەبێت وەک هەر گـەلێکی دیکەی سـەر ڕووی زەمین ئازادانە بژی (شێوە ٣) و (شێوە ٤).

پەیکەسـاز بەنیـاز بوو پەیکەرێک بۆ لەیلا قـاسم دروست بکات، بەڵام مەرگ لەناکاو دەرفەتی پێ نەدا، هەرچەندە لە هەندێک لە کـارەکـانیـدا، بەشـێـوەی ڕاستەوخۆیش نەبێت، توانی گوزارشت لە شەهیدبووونی لەیلا قـاسم بکات و وەک سـیـمـبـۆلی ئاشـتی و خۆشەویستی کوردستان وێنای بکات.

هونەرمـەند بە پێی جـۆرەکـانی هەڵکۆڵین و پەیکەرتاشین کـەرەسـتـەی جـۆرارجـۆری لە کـارە هونەرییەکانیدا بەکارهێناوە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ جۆری پەیکەرتاشینەکەدا بگونجێت، بۆ نموونە لە زۆربەی ئەو پەیکەرانەی کە لە دار، یان لە مەرمەر دروستی دەکردن، کـە تەنیـا شـێـوازی (پەیکەرتاشـینی تەرحی)ی بۆ دەگونجێت، بۆ هەڵکۆڵینی بەشە سەختەکانی دارەکە، یان پارچە مەرمەرەکە و دیاریکردنی سیمای هونەری مۆدێرن وەک پێکهاتەی جیاواز بە دەرخستنی جۆراوجۆر. لێرەدا هونەرمـەند توانی بەهای هونەری کـەرەسـتـە خـاوەکـە دەربهێنێت، چی دار بێت، یان بەردی مەرمەر، ئەم جۆرە پەیکەرانە مـاندووبوونی خۆی هەیە، جگە لە تەکنیکی بەکـارهاتوو کـە جـۆرە هارمـۆنیـەتێکی یەک بەدوای یەکـداچوو لە پارچەکـەدا دەبینرێت، لێـرەدا سـتـایلی پەیکەرسـاز ڕۆڵی خـۆی دەبینێت کـە چۆن پەیکەرسـاز لەگـەڵ پارچەیەکی بێ دەنگی ڕەقی بێ واتادا مـامـەڵە دەکات.

هەمـوو پەیکەرسازێک بە تێـڕوانینی خـۆی جـیـهـانی هونەر دەبینێت، لەو ڕووەوە (مـایکل ئەنجـلـۆ) دەڵێت (کارەکە لەناو جەرگەی بارستەکەدا دەبینم)، مەبەستی لە بارستە دارەکە، یان بەردەکەیە و پەیکەرساز بە ئەزموون و توانسـتـەکـانی خـۆی دەتوانێت بڕواتە ناو دڵی ئەم پارچەیەو پێکهـاتەی بیـرۆکـەکـەی خـۆی پیـشـانی بینەر بدات.

حـوسـێن مـایخـان لەو کـارانەی کـە لە دار و مـەرمـەر دروستی کـردوون کاتێک پارچە زیادەکـان لادەدات تا بە هەستێکی لێهاتووانە و پەیڕەوکردنی لای قۆقز و چاڵی کارەکە شێوەی پێویستی دێتە دەست و کون و کەلێنەکان

شێوەی (٤)

و جێ گۆڕکێی بارستەکان بە هێڵی گونجاو دەڕازێنێتەوەو وایان لێ دەکـات ببنە پارچەیەکی هەست پێ کـراوی کارەکە کە لووسە و ڕووناکی دەداتەوەو نەرمی و جیڕی بۆ بینەر دەردەکەوێت.

ئەم کارانە لە مەرمەر دروست کراون

ئەگەر سەرنجی بەشێکی دیکەی کارەکانی پەیکەرساز حـوسـێن مـایخـان بدەین وەک ئەم وێنەیەی خـوارەوە، دەبینین کاریگەری پەیکەرساز دارا حەمە سەعید کە لە میدالییەکانیدا هەن، لە کارەکانی (حوسێن مایخان)دا ڕوون و ئاشکرایە، بە تایبـەتی ئەو جـۆرە کـارانەی کـە شێوازی باسکردن لەخۆدەگرن و فیگەری زۆریان تێدایە و پێوەندی لە نێوان ناوەوە و دەرەوەی کارەکەدا هەیە. لەم جـۆرە کـارانەدا بۆمـان دەردەکـەوێت ئەو پێـوەندییـەی لە نێوان پەیکەرسازی و تەلارسازیدا هەیە کە توخمەکانی شوێن و کەرەکتەرەکان پێکەوە ڕۆڵ دەبینن و پەیکەرساز بە وردی دەری دەخات و (باکگراوندەکە)ی هەر بەشێکە لەکارەکە، ئەمەش جۆری پەیکەرسازی دەرکەوتووە.

لەم کارەدا تێکەڵییـەکی ئاڵۆزی مێـژوو و شارسـتانی مرۆڤی دۆڵی میسۆپۆتامیا بەدی دەکرێت کە لەگەڵ ژیانی ئێسـتـای تێکەڵ کردووە. حوسێن مـایخـان بایەخی بە پەیکەرسازی بەرجەستە داوە و یەکێک لەو کـارانەیشی پەیکەرەکەی دوکتۆر حوسێن عەلی مەحفووزە کە لە پێش کۆلێژی زمان دانراوە.